# غەزو

**نەزەند بەگیخانی**

**بۆ بێوەژنەکانی ئەنفال**

لە کتێبە پیرۆزەکانەوە ووشە
لە ووشە بریقەدارەکانەوە مانا
لە مانا شاراوەکانەوە دەنگ
دەنگ هەڵیکرد
دەنگی غەیز، دەنگی مەئیوسی غەزو
ئەنفال هەڵیکرد
ئ- ە-ن- ف- ا-ل ، ئ - ە-ن- ف-ا-ل

ئ : ئاگرێکی بێ ئامان
قرچە قرچی رۆحی زارۆك و
هەڵکڕووزانی دڵی دایك
زرمەی کەوتنی تەمەنەکان

ە : هاوارە
هاواری پەپولە
سەد و هەشتا و دوو هەزار پەپولەی کەسك و سور و زەرد
لە ناو گەردەلولی هەڵوەرین و
تۆفانی زەمەن

ن : نوورە
نوورێکی پێغەمبەرانە
شەڕانگێزانە خشپەی دێ
دێت و رۆژەکانمان دەپێچێتەوە
بیابان رادەخات و
تۆزی غەزو دەکاتە چاوی کانیەکان

ف : فانۆسە
فانۆسی چاوەڕوانی

شین شین دەسووتێ
لە دەستی ژنێکی ئەسحابە ئاسا
بێوەژنێکی شانزە ساڵ
لەسەر کۆسپەی تەنیایی
ا : ئومێدە
ئومێدی گەڕانەوە
بۆ ناو ئاهەنگی رەنگەکان
ئومێدێکی پڕ ئوبهەت
بۆ درەوشانەوە لە ناو تەمەن و
ئاشنابوونەوە بە ساڵە لەدەستچووەکان

ل : لێڵ بوو نیگامان
تەم لولی داین
بۆ نەخشبوون لەسەر لێواری کتێبە پیرۆزەکان

ئ- ە-ن- ف- ا-ل ، ئ - ە-ن- ف-ا-ل
دەنگ هەڵیکرد
دەنگی مەئیوسی غەزو
دەنگی گەردەلولی سارا و تۆفانی بەرد
دەنگ هەڵیکرد
دەنگی غەور، دەنگی غارەك
ئەنفال هەڵیکرد
**ئ - ە – ن- ف - ا – ل**

دایکم لەسەر کۆسپەی چاوەڕوانی
ملوانکەی ئومێدی دەهۆنیەوە
کاتێ زرمەی لاشەی کۆرپەکەی
کەوتە ناو کۆش

دەنگ هەڵیکرد
دەنگی غەیز، دەنگی غەزو
غەزوی باخچە، غەزوی رەنگ، غەزوی فڕین
هاوار لە بێدەنگیی چاوەڕوانیی دایکمدا دەبارێ
کەس ناوێرێ بڵێ «مردن»

ئەو لەسەر کۆسپەی ئومێد
هەژدە ساڵە
فانۆسی چاوەڕوانی هەڵکردووە و
ملوانکەی بینینەوە
بۆ کۆرپە ناوەنجیەکەی دەهۆنێتەوە
فانۆسی چاوەڕوانی
لەناو کۆڵانە تەنگەکانی هیوا
لە دەستی پەنجا هەزار بێوەژنی ئەسحابە ئاسا
شین شین دەسووتێ
فانۆسی چاوەڕوانی

***